کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
12-4-2007 22:38بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەگەر ئەمڕۆ دەنگت نەبێت سبەینێ تورک سوارت دەبێت!!!! ... خاڵەحەمە

لەمژیانەدا ئەوڕۆژانە پیرۆزە کەسەر نەوی نەبێت، کەخاوەنی گەورەیی و سەروەری ماڵی خۆت ونیشتمانی خۆتبیت، کەسوکایەتی بەخۆت و بەژن و بەمندالت نەکەن، ئەوڕۆژانەی ژەهری هەژاری و دەردی کوشندەی کۆیلەیەتیت پێنۆشدەکەن بمری باشترە چونکە هێندەی جووتێ پاتەی کۆن نرخت نامێنێت، ئەو ڕۆژانەی لەزیندانە تاریکەکاندا یاری بەمەمکۆڵەو شلکەی ڕانی کچ و ژنت دەکەن و خۆشت دوورەوپەرێز ڕاوەستایت و خۆت ڕانەپسکان، لەبەردەرگا خاولییەک ئەدەن بە شانتا و تفێکی خەستیش دەدەن بەنێوچاوتا، ئەوڕۆژانەی بۆ پارویەک نان داگیرکەران هاموشۆی ماڵت دەکەن و جێگەی ژووانی خۆت و خێزانت دەشێوێنن خۆت بکوژی باشترە لەوەی تادەمریت هەموو ڕۆژێک بمریت!!!
ئەوڕۆژانەی مندالە ناسکەکانی کورد لەسەرما هەڵدەرزن و چاوەڕوانی دایکەکانیان دەکەن پارویەک نانیان بۆبهێننەوە، تۆی سمێڵ زڵ و ورگن دەبیتە پەشتەماڵی حەمام و هەرجارە زاوارێوییەک بەڕێ ئەکەیت، ئەوڕۆژانەو هەزاران ڕۆژیتر سەرکزو سەرشۆڕو دەبەنگ و بێ خەم و ترسنۆک و بێ فەڕو هیچ و پووچ و چاوبەرەوژێرو شانخوارو لەرزۆک بیت، دەبێت ژیان تامی چیبێت و چ گوزەرانێک بێت بەوشێوەیە، دەبێت ڕۆح چ گەورەیەییەکی بمێنێت و جەستەش چ نرخێک، چاوەڕوانی بۆ ئەوداچونانە، دۆڕاندنی ژیان و بەهاپیرۆزەکانی خواوەندە کە بەتۆی بەخشیوە وەک مرۆڤ، چاوەروانی بۆ ئەو کارەناڕەوایانە ڕەنجاندنی خواوەندو سوکایەتی کردنە بە دین و هەموونوسراوەکان... دەئەمجارە بە مێژووی ڕەشی ڕابووردودا مەچۆرەوەو هەرگیز سەرت شۆڕمەکە، سەروەری و نیشتمانت لەدەست مەدە، سووکایەتی لەکەس قەبووڵ مەکە، دەردی کۆیلەیەتی و هەژاری مەنۆشە، هەرگیز ڕێ مەدە کج و خێزان و منداڵت ئەتک بکەن، بۆ پارویەک قوزەلقورت لەبەدەرگا ڕامەوەستە!! پاسی داگیرکاران مەکە، دەڕابن ڕاپەڕن ئەوسووکایەتی و بێنرخییەی باسمکردوە لەپیلانی هەزاران ساڵەی دوژمنانی کوردا پەیڕەو و پڕۆگرامەو بەدی دەکرێ و هێرشی ئەمجارەشیان ڕەش و سپی بەیەکەوە دەسوتێنێ وماڵ ودارایی وکۆشک باڵەخانەش نابێتەفریادڕەس و گەورەییت نادەنەوە.
ئەگەر کورد بەم نوسراوە نەبوو بەخاوەنی هەڵوێستی پیرۆز.. پیرۆزی بیت نوشوستی ئەمجارە.
خاڵەحەمە/دانمارک/ڤالبی 2007/4/12

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.